# حكومەتی كوردستان دەبێ خۆی یەكلا بكاتەوە

**نورەدین وەیسی**

**رووداوەكانی چەند رۆژی رابردووی دەڤەری شێخان وشەنگال وكوشتنی ژنێكی بێتاوان لەسەر چەند بنەمایەكی پڕوپووچ وهێرش وپەلاماری دڕندانە بۆسەر بنكەی رۆشنبیریی لالش وداموودەسگا ئێزیدیەكان وسووتاندنیان بەفیت ودەست لەپشتدان ودنەدانی چەند هێزوناوەندێكی خێلەكی وپاشڤەڕۆی بارگاوی بە ڕقی ئایینی ، زەنگێكی زۆر مەترسیدارە بەتایبەتیش چونكە وەك دەركەوتووە ئاسایش وپۆلیسی ئەودەڤەرە لەجیاتی ئەوەی داموودەسگا ئێزدییەكان لە دەست هێرش وپەلاماردان بپارێزێت كەچی خۆیان بەشێكبوون لەپەلاماردەران!، ئەم رووداوە جارێكی دیكەش پێویستی هەرەبەپەلەی جیاكردنەوەی ئایین لەدەولەت نیشان دەدات دەنا دەبێ چاوەڕێی كارەساتی زۆر دڵتەزێنی دیكە بین.**



**كوردستان ئەگەرچی نیشتمانێكی فرەئایین وئایینزایە وزۆرجاریش پڕوپاگەندەی لێبوردەیی ئاینی دەكرێت ،وەلێ راستییەكە ئەوەیە كەبەداخەوە تائێستا نەك هەررێزلەوفرە ئایینە نەگیراوە بەڵكو لەمێژووی ئێمەدا چەندین رووداوی دڵتەزێنی پەلاماردانی ئایینە نائیسلامییەكانیش هەن كەبۆهەتاهەتایە وەك پەڵەیەكی رەش دەمێننەوە لەدیرۆكی كورددا، هێرش وپەلاماری پاشای كۆرەی رواندز بۆسەر ئێزدییەكان وكوشتنی سەدان كەس لێیان وبەتاڵانبردنیماڵەكانیان و، بەشداریكردنی چەند هۆز وخێلێكی باكووری كوردستان لەشاڵاوی قڕكردن وجینۆساید كردنی ئەرمەنییەكان لەسەردەستی عوسمانییەكاندا دوونموونەی زەق وزیندوون لەمبارەیەوە.**




ئەورۆ دەسەڵاتی باشووری کوردستان لەکاتێکدا زۆر پڕوپاگەندەی دیموکراسی ولێبوردەیی دەکات ،بەڵام بەپێچەوانەی ئەو درووشمانە لەسەر زەویندا شتێکی دیکە دەگوزەرێ وحکومەتی کوردستان  حکومەتێکی بێلایەن نییە لەرووی ئایینیەوە بەڵکو زۆربەی قانون وبڕیارەکانی سەرچاوەیان لەیەك ئایینەوە وەرگرتووە کەئەمەش تەواو پێچەوانەی دیموکراسی وپێشکەوتنە ، چونکە هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بانگەشەی دیموکراسی بکات ئەگەر لەرووی ئایینیەوە بێلایەن نەبێت وبەیەکچاو تەماشای هەموو ئایینەکان نەکات ، کەئەمرۆ ئەوەی لەباشووری کوردستاندا دەیبینین تەواو پێچەوانەیەو بەداخەوە هیچ ئاماژەیەکیش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە گەورەیە نییە کەدەکرێ بەدایکی قەیران وکێشەکانی ناوبنێین ، رەشنووسی دەستووری کوردستانیش نموونەیە لەوبارەیەوە. لەم پێوەندەدا ئاماژە بەچەند لایەنێك دەکەین کە بەئاشکرا ئایینبوونی دەسەڵاتی کوردستان دەسەلمێنێت :




- لەهیچ سیستەم ودەسەڵاتێکی دیموکراسیدا شتێك نییە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی کەئەگەرچی لەکوردستاندا ئەوە ناوی وەزارەتەکەیە بەڵام لەراستیدا ئەوە وەزراەتێکی ئیسلامییە نەك ئایینی ، ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینیە ئایا تا ئێستا لەپاڵ ئەو هەزاران مزگەوت وتەکیە وخانەقایەی لە کوردستاندا ملیۆنان دۆلاریان لێخەرج کراوە چەند کلێسا وپەرستگای ئێزیدییەکان وکاکەییەکان وئایینەکانی دیکەش دروستکراون؟ تاچەند رێز لەبۆنە

ویاده ئایینیه نائیسلامییەکانیش گیراوەو یادیان کراوەتەوە؟ تاچەند هاوکاری ویارمەتی خوێندنگا ئایینیه نائیسلامییەکانیش کراوە؟



- دەسەڵاتی کوردستان چۆن دەتوانێ لاف وگەزافی دیموکراسی لێبدات لەکاتێکدا تەنها ڕێز لە بۆنە ئیسلامییەکان دەگیرێت ودەکرێنە پشوو ؟ ئەمە جگەلەوەی رێورەسمە ئیسلامییەکانیش بە زۆروبەشەق بەسەر هەموو خەڵکی کوردستاندا دەسەپێنرێن ، ئەو کەش وبارودۆخەی لەرەمەزاناندا کوردستان بەخۆیەوە دەبینێت ولێپرسینەوە لەخەڵك وتەنانەت دەستگیرکردنیشیان لەسەر ئەوەی بەرووژوو نابن قەت لەگەڵ دیموکراسی وئازادیدا یەکناگرنەوە .



- ئەوەی جێگەی سەرنجە گوتاری دەسەڵاتتدارانی کوردستانە کەزۆرجاران گوتاروئاخافتنێکی ئیسلامییە هەربۆنموونە زۆربەی وتارەکانیان بە (بەناوی خوای گەورەومیهرەبان)ەوە دەست پێدەکەن وکۆتایی زۆربەی پرسەنامەکانیشیان (انا لله وانا الیه راجعون) ە وکەسە مردووەکەش هەمیشە بە (خوالێخۆشبوو) نێودەبرێت ئیدی با کەسێکی بێ ئایینیش بێت وبڕوای بەخوداش نەبێت! ، ئەمە جگەلەوەی زۆرجاران بۆنە ویادە رەسمییەکان بەچەند ئایەتێك لە قورئان دەست پێدەکەن!!.

- راگەیاندنی کوردستان بەتایبەتیش هی پارتی ویەکێتی لەجیاتی خەڵك ئاشناکردن بە سکۆلاریزم وناِئایینی وراهێنانیان لەسەر سوود وقازانجی ئەوچەمکە وتێزوبۆچوون وشێوەی ژیانە کەتاکە رێگەی گەیشتن بەوپێشڤەچوونەیەکەوڵاتانی رۆژئاوا تێیدانەوکەتەنانەت ئیسلامییەکانیش دانی پێدادەنێن ولەوڵاتەکانی خۆیان ڕادەکەن وروولەو وڵاتە بێ ئایینانە دەکەن ، هەروەها لەبری ئەوەی ئەوە بۆ خەڵکی روون بکەنەوە کە سکۆلاریزم هەرگیز دژایەتیکردنی ئایین نییە وەك ئیسلامییەکان دەیانەوێ وای لەخەڵك بگەیەنن ،بەڵکو بەپێچەوانەوە سکۆلاریزم تائەوجێیە ئازادی بە ئایین دەدات کە دەستدرێژی نەکاتە سەرماف وئازادی وژیانی تایبەتی خەڵك، کەچی تەواو بەپێچەوانەی ئەمەوە راگەیاندنی پارتی ویەکێتی دەرگایان خستۆتە سەر پشت بۆ پیاوانی ئایینی ئیسلامی تابەکەیفی خۆیان ئەوەی دەیانەوێت بیڵێن و شتی ئەفسانەیی ودوور لەلۆجیك وزانست سەدپاتەوهەزارپاتەی بکەنەوە، بەڕاستی زۆر جێگەی سەرسوڕمان وحەیبەتییە کەناڵێکی سەتەلایتی وەك کوردستان تیڤی لەهەزارەی سێهەمدا رێگە بەوەبدات خەڵکانێك بڵێن مرۆڤ دوو مەلائیکەتی لەسەرشانی راست وچەپن ورۆژانە هەرچی بکەیت تۆماری دەکەن ،یان باس لە رووباری هەنگوین وشەڕابی بەهەشت وهەفتا حۆری بکات ! ئەم فسانە ئەگەر ملیۆنان کەسیش باوەڕی پێیان هەبێت هیچ لەوە ناگۆڕێت کەدژی زانستن ولەگەڵ عەقڵ ولۆجیکی ئەم سەردەمە ناگونجێن.

- یاساکانی باری کەسی لەکوردستاندا کەسەرچاوەیان لەئاینێکی دیاریکراوەوە وەرگرتووە دژی مافەکانی مرۆڤن ولەگەڵ سەردەم ناگونجێن ، چونکە بەچاوی زۆر نزم وپلە دوویی مامەڵە لەگەڵ ژناندا دەکرێت ، ئەمە جگەلەوەی لەکوردستاندا هاوسەرگیری شارستانی ( Civil Marriage) بوونی نییە ورێگەشی پێنادرێت کەئەمەش تەواو دژی ئازادی وسیستەمی دیموکراسییە.

لە ژمارە 19 ی بڵاوکراوەی سۆمادا کە دووهەفتە جارێك بەئینگلیزی لەلایەن دەسگای خاکەوە لەسلێمانی دەردەچێت ریپۆرتاژێکی سەرنجڕاکێش لەسەر بانگەشەی باوەشکردنەوە بۆنوێخوازی لەکوردستاندا بڵاوکراوەتەوە کەتێیدا راوبۆچوونی چەندین کەسی رۆژئاوایی وەرگیراوە کەماوەیەکە لەباشووری کوردستاندا دەژین، پیتەر دیکوانت-ی هۆڵەندی کەئێستا لەکوردستاندا مامۆستای ئینگلیزیە دەڵێت (کورد ئەگەرچی کراوەن بۆ گۆڕان بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئامادەنین خۆیان بگۆڕن، کورد پێیانوایە دەتوانن بابەتگەلی وەك دیموکراسی لە سوپەرمارکێتەگەورەکانی رۆژئاوادا بکڕن) ئەو هۆڵەندییە دەڵێت کورد دەبێ

لەوە تێبگەن کەلەکاتێکدا پێویستە کەلتووری خۆیان لەدەست نەدەن بەڵام لەهەمان دەمیشدا دەبێ ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆئەوەی بەرەو پێشکەوتنخوازی ونوێخوازی بچن . هاری شووت کەبەرپرسێکی پێشووی سەربازی ئەمریکایی بووە لەکوردستاندا وهەنووکە ڕاوێژکاری حکومەتی کوردستانە لەمبارەیەوە دەڵێت(( کوردستان پێویستی بەپێشڤەچوونە بەتایبەتیش لەپەیوەند بەمافەکانی ژنان ، زۆر جێگەی سەرسوڕمان ودژبەیەکییە کەکورد لەکاتێکدا نایانەوێ چیتر لەئێراقدا وەك وەڵاتیی پلەدوو سەیربکرێن کەچی لەکوردستاندا ژنان وەك پلەدوومامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت)).

لەدرێژایی پانزدە ساڵەی ڕابردووی دەسەڵاتی باشووری کوردستاندا ئەگەرچی هەمیشە بانگەشەی دیموکراسی ولێبوردەیی وپێشکەوتنخوازی کراوە وەلێ لەسەرزەویندا ئەزموونەکەمان زۆرلەوپڕوپاگەندانە دووربووە ، من ئەوەدەزانم وتێدەگەم کە ئەو گۆڕانکاریانە هەموویان بەجارێك وشەووڕۆژێك ناکرێن بەڵام کارەسات لەوەدایە پارتی ویەکێتی ساڵ بەساڵ بەرەوداخراوی پتر وخووڵانەوە لەبازنەیەکی پاشڤەڕۆی کۆمەڵایەتیدا دەچن ، بۆنموونە ڕێژەی ژنکوشتن لەساڵی 2006 زۆر زیاترە لە نەوەدەکان ، دەستگرتنی خەڵکی بەداب ونەریتە کۆنەکان وگردبوونەوە لە ڕێکخراوو هێزە سەلەفی وئیسلامییەکان لەهەڵکشاندایە ، ئەمەش بێ سێودوو لە ئەستۆی دەسەڵاتتدایە چونکە هەمیشەلەپێناو مانەوەی خۆیدا سازش ومەرایی لەگەڵ ئەوناوەندە کۆنەخوازانەدا کردووەوبەنزینی بەسەر ئاگری بەجۆشی پاشڤەڕۆییدا کردووە ، بۆنموونە خەڵکی هەڵەبجە خۆپێشان دەدەن ونارەزایی لەدەست فەرامۆشکردنی شارەکەیان ونەبوونی خزمەتگوزاری دەردەبڕن کەچی دەسەڵاتی سۆسیال دیموکراتی یەکێتی کۆلێجی شەریعەیان وەك دیاری پێشکەش دەکات! ، لەکاتێکدا لەتەواوی نێوچەی باڵەکایەتی وسۆراندا پەرتووکخانەیەکی گشتی ،سینەمایەك ، تەنانەت باخێکی گشتی نییە کەچی پارتی ویەکێتی پێشبڕکێ لەسەر دروستکردنی مزگەوت وتەکیەو خانەقا دەکەن!

دەسەڵاتی کوردستان ئەگەر دەیەوێ ببێتە جێگەی سەرنج وبایەخدانی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا دەبێ سیستەمێکی دیموکراتیکی سکوڵار بێنێتە ئارا و دەستی درێژی ئایین لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان کورتبکاتەوە ، حکومەتی کوردستان دەبێ خۆی یەکلابکاتەوە یان دەبێ حکومەتێکی دیموکرات وبێ ئایین بێت وبەچاوێکی یەکسانەوە چاو لەهەموو ئایینەکان بکات وسەرەنجام هاوسۆزی خەڵکی پێشکەوتووخوازی دنیا بەدەستبێنێ ، یانیش لەسەر ئەو سیاسەتە ئایینیەی ئێستا بەردەوام بێت و باشووری کوردستان بەرەو هەڵدێروکارەساتی زۆر دڵتەزێنتر ببات.

- **ناوەندی چاك وچەند دەسگایەكی راگەیاندنی كوردی لەمەڕ رووداوەكانی شێخان، ئێزیدییەكانیان بە ((یەزیدی)) ناوبرد كە ئەمەش هاوبۆچوونیە لەگەڵ هەوڵی چەواشەكارانەی شۆڤێنیستی عەرەبی بۆ بەعەرەبكردنی ئێزیدییەكان وبردنەوەی رەچەڵەكی ئێزیدییان بۆ سەر یەزیدی كوڕی موعاویە كە فڕی بەسەر راستییەوە نییەو ئێزیدییەكانیش زۆر لەدڵیان گرانەو چەندین جاریش وەڵامی نووسەرانی عەرەبییان داوەتەوە كە ئەوان ئێزیدین نەك یەزیدی ، بەوهیوایەی ئیدی هیچ كوردێك یەزیدی لەبری ئێزیدی دەكار نەبات.**
- **تێبینی :** وێنەكان لە ماڵپەری behzani.org وەرگیراوە